# جۆرەكانی شیعری دڵداری لە شیعرەكانی وەفایی دا

م .ی سوزان برایم حمید[1] پ . د. ابراهيم احمد شوان[2]

[1] بەشی زمانی کوردی / کۆلێژی زمان / زانکۆی سەلاحەدین / کوردستان / عێراق - بەشی میکانیك و ووزە / کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری هەولێر / کوردستان / عێراق
[2] کۆلێژی زمان / زانکۆی سەلاحەدین / کوردستان / عێراق

**پوخته**

ئەم لێکۆڵینەوەیە : بە ناونیشانی " جۆرەکانی شیعری دڵداری لە شیعرەکانی وەفای "دایە ، تێدا : باس لە پێناسەی شیعر و چەمکی دڵداری دەکات ، دواتر باس لە جیاوازی نێوان شیعری حەزلێکردن و خۆشەویستی دەکات ، ئینجا باس لە جیاوازی نێوان شیعری دڵداری و ئیرۆتیك لە شیعرەکانی وەفاییدا دەکات ، دواتریش باس لە عەشقی حەقیقی و مەجازی دەکات ، لە شیعرەکانی وەفاییدا ، بەو پێودانگە جۆرەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی دەست نیشان دەکات .

## پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە : جۆرەکانی شیعری دڵداری لە شیعرەکانی وەفاییە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی وەفاییدا و ئەو جۆرە تێکەڵییەی لەنێوان شیعرەکانی وەفاییدا هەیە بۆیە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە جۆرەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی دەست نیشان بکات . سنووری لێکۆڵینەوەکەش تایبەتە بەشیعرە کوردییەکانی وەفایی . سوودمان لە میتۆدی وەسفی شیکاری بینیوە .

پلانی لێکۆڵینەوەکە؛ لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە : باسی یەکەم : باس لە چەمك و پێناسەی شیعر و پەیوەندی شیعر بە دڵداری و چەمك و پێناسەی دڵداری و باسی شیعری دڵداری دەکات . باسی دووەم : جۆرەکانی شیعری دڵداری لە شیعرەکانی وەفای کراوە لە ڕووەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی ئەویش لە لایەنی : وەفایی لەنێوان حەزلێکردن و خۆشەویستیدا ـ وەفایی لەنێوان خۆشەویستی و ئیرۆتیکدا ـ وەفایی لەنێوان خۆشەویستی مەجازی و حەقیقیدا دواتر باس لە جۆرەکانی شیعری دڵداری لە ڕووەکانی جەستەیی و مەجازی و حەقیقی کراوە . لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو .

وشە کلیل : وەفایی شیعر دڵداری جەستەیی مەجازی حەقیقی چەمك و پێناسەی شیعر

بەرلەوەی بچینە ناو کرۆکی بابەتەکە ، پێویست دەکات باسێك لە شیعر و ئەدەبیات بکەین ، هەرچەندە ناساندن و پێناسەکردنی شیعر کارێکی دژوار و ئەستەمە ، بەحوکمی ئەوەی بە پێی تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان خوێندنەوە و پێناسەی جیاواز بۆ دەقی شیعری کراوە ، بۆیە ئێمە لێرەدا ؛ئەو پێناسانە دەخەینەڕوو . کە لەگەڵ ژینگەی لێکۆڵینەوەکەدا دەگونجێ .

هەندێك پێیان وایە : شیعر : (( دەنگدانەوەی ئیلهام و خەون و خەیاڵە )) (د. بەرزنجی 2010، 112) بە پێی ئەم بۆچوونە بێت: شیعر کاتێك لەدایك دەبێت ، کە ئیلهامت بۆ بێت ، بابەتی ئەم ئیلهامەش خۆی لە خەون و خەیاڵەکانی شاعیردا دەبینێتەوە ، بۆیە زۆر ئاساییە هەمووشتێك و ئایدیایەکی شاعیر ببێت بە ناوەڕۆکی شیعرێك ، چونکە لە دواجاریشدا (( شیعری هەر شاعیرێکی ناسراو ، خاسیەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە یان بە دەستەواژەیەکی تر بە دەروونناسی ئەو لە قەڵەم دەدرێت . )) (هـ. حوسێن 2007) دەکرێت لە ڕێگەی دەقەوە بە دەروونناسی شاعیر بگەین و خوێندنەوە بۆ دیوەشاراوەکەی ناوەوەی بکەین .

دەبێت زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێت بۆ ئەوەی دەق تێیدا لەدایك ببێت ، چونکە ڕۆمانسییەکان ((شیعریان وەك دەربڕینێکی پڕ لە هەست و نەستی شاعیرەکان وەسف دەکرد .)) (ئیسماعیل 2020، 196) . لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە وا بڵێیین : پرۆسەی

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 ( 2023 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 سبتمبر 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەرهەمهێنانی شیعر پرۆسەیەکی دەروونی زیندووە ، گوزارشتکردنە لە خەون و خەیاڵی شاعیر ، پێویستی بە زەمینەیەکی لەبارە بۆ ئەوەی لەدایك ببێت .

پەیوەندی شیعر بە دڵداری

شیعر لە هەردوو دیوی فۆرم و ناوەڕۆك پێك دێت ، ناوەڕۆکیش بەشێکە لە بیرکردنەوەی شاعیر ، شیعریش کاتێك لە دایك دەبێت ، کە زەمینەیەکی لەبار هەبێت کاتێك شاعیر هەست بە پڕپوونێکی دەروونی دەکات پەنا بۆ شیعر دەبات بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەست و سۆزەکانی بکات هەروەك چۆن وۆردزئۆرز دەڵێت : ((شیعر هەڵچوونێکی خۆیی سۆزە بەهێزەکانە . )) (حسین بلا تاريخ، 211) واتا : شیعر کاتێك لە دایك دەبێت ، کە حاڵەتێکی هەڵچوونی دەروونی ڕوو لە کەسەکە بکات ، جا ئەم هەڵچوونەش ئەنجامی بیرکردنەوە و خەیاڵکردنی شاعیرە لەمەڕ ئایدیا و بابەتێك ، کە مێشکی شاعیر دەتەنێت ، شاعیریش جیایە لەکەسی ئاسایی بەشیعر و لە بۆتەی دەقێکی شیعری ژان و ئازاری خۆی دەردەخات .

ئەم جۆرەی شیعر ئەرکێکی لەسەر شانە و وەسیلەیەکە بۆ گوزارشت کردن لە بیر و ئایدیای شاعیر . شیعر یەکسانە بە ناوەڕۆك ، ئینجا ئەم ناوەڕۆکە دڵداری بێت یان ئاینی یان سۆفیانە بێت ، لێرەدا شیعر دەبێتە وەسیلەیەك بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو .بۆیە دەبینین : شیعر لە کلاسیك بە گشتی و لە لای وەفایی بەتایبەت ئامانجێکی هەیە ، کە ئەویش گوزارشت کردنە لە هەست و نەستی شاعیر واتا : شیعر لە خودی خۆیدا ئامانج نییە ، بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ دەربڕینی فکر و فەلسەفەی شاعیر ، بەبەڵگەی ئەوەی ؛ وەفایی توانیویەتی چەندین دەق شیعری بەرهەمبهێنێت کە ڕاستەوخۆ گوزارشت کردن بێت لە بیرکردنەوەکانی خۆی ، لە ڕووەکانی دڵداری وئاینی و سۆفیانەدا .

لەبەرئەوەی ( ( زمانی شیعر زمانی دەربڕینی ویژدان و سۆز و خەیاڵە )) (پ. حوسێن 2007، 46) شیعر خۆی لە هەردوو دیوی فۆرم و ناوەڕۆکدا دەبینێتەوە ، ناوەڕۆك جەوهەری دروست بوونی دەقە ، چونکە بە پێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بێت ؛ زمان حاڵی ویژدان و سۆز و خەیاڵ شیعرە ، واتا : شیعر تەرجومانی خەیاڵ و سۆزە لای شاعیر ، هەر ئەمەش وایکردووە هەندێ لە میتۆدەکانی ڕەخنە دەق بکەن بە هۆکارێك و بنەمایەك بۆ گەیشتن بە ئایدۆلۆجیا و ژیانی شاعیر ، یان بەواتایەکی تر لە دەقەوە بۆ ژیانی شاعیر و ئایدۆلۆجیای شاعیر بچن .

چەمك و پێناسەی دڵداری

دڵداری وشەیەکە ، مەبەست پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دووکەسە بەڵام لەڕووی داڕشتنەوە لە وشەی ( دڵ + دار+ ی ) پێك هاتووە ، کە دڵ شوێنی خۆشەویستی و عیشقە ، داریش کە سیفەتی ڕەگ داکوتانی هەیە بە ژێر زەویدا ، دەکرێ هەردووکیان بەسەر یەکەوە مەبەست لێی داری خۆشەویستی بێت ، بەڵام لە ڕووی چەمکەوە مەبەست لە دڵداری وشەکانی : (( ئەوین ، حەزلێکردوویی ، حەزلێکەری ؛ دڵخۆشی دانەوە ، عشق ، دلنوازی . )) یان بەمانای وشەکانی : ڕۆمانسی یان ئەڤینی یان عاشقانەی دێت . (هەژار 1369، 295) لە فەرهەنگی خاڵیشدا بەهەمان شێوە بەمانای : ( عاشقێنی و دڵخوازی ) دێت (خاڵ 187:2005) .

دەکرێ بگوترێت : دڵداری هاووتای وشەکانی ڕۆمانسی و عیشق و خۆشەویستی و... دێت ، ((عیشق ئەوپەڕی ئەڤین و خۆشەویستییە )) (خورشید 2005، 17) لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بەووردی لێیان بکۆڵینەوە هەریەکە لەمانە جیان لەیەکتری و هەروەك لەبەشی دواتردا دێین بە پێی خاسەتی شیعری جۆرەکانی شیعری دڵداری دەست نیشانی دەکەین ، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم ووشانە خۆی لە خۆشەویستی نێوان دووکەسدا دەبینێتەوە ، کە دڵیان وابەستەی یەکترییە .

بەڵام شیعری دڵداری بریتییە لە :(( شیعری عاشقانە یان ئەویندارانە ، عەشقبازیی ، وەسف و باسکردن و پێداهەڵدانی جوانیی و خۆشەویستی و خەسڵەتەکانی تری ژن ، دەوروخولدان لە ژن ، ژن دواندن و بۆ ژن دوان ، سەرنجی ژن بۆ خۆ ڕاکێشان ، بیرکردنەوە لە خەیاڵ و خولیا و خواست و حەزەکانی سەردەمی لاوێتیی و گەنجبوونەوە و تازەبوونەوەی خولیاکان بۆ ڕەگەزی بەرامبەرە پیاهەڵدانی ئەندامی لەشی یان بەشێك لە جەستەی خۆشەویستە ، یادکردنەوەی ڕۆژانی بەیەکگەیشتن یان جیابوونەوەی نێوان دوو کەسە .)) (حسەین 2012، 142) لێرەدا زیاتر باس لە دڵداری نێوان دوو ڕەگەز دەکات ، کە پەیوەستیشی دەکات بە سەردەمی گەنجی و لاوییەتی ، کە مرۆڤ لەو تەمەنەدا حەز و ئارەزووەکانی چەکەرەدەکات ، یەکێکی تر لەتایبەتمەندییەکانی شیعری دڵداری دەست نیشان دەکات ، کە باس لە ئەندامی جەستەی خۆشەویستەکەی دەکات .

دووەم : جۆرەکانی شیعری دڵداری لە شیعرەکانی وەفایدا

أ ـ شیعری دڵداری لای وەفایی

بەرلەوەی باس لە جۆرەکانی شیعری دڵداری بکەین ، پێویستە لە سێ تەوەرەدا باس لە وەفایی و شیعرەکانی بکەین ، ئەویش : "وەفایی لەنێوان حەزلێکردن و خۆشەویستیدا " ئەمەش وەڵامی کۆمەڵێك پرسیارمان دەداتەوە و یارمەتیدەرێشمان دەبێت بۆ شیکارکردن و شرۆڤەکردنی شیعرەکانی وەفایی لەم ڕووەوە ، پاشان باس لە لە وەفایی دەکەین " لەنێوان خۆشەویستی و ئێرۆتیکییەت " دا ، چونکە هەندێك ئێرۆتیك بە بەشێك لە خۆشەویستی دادەنێن و هەندێکی تریش بەرەو سێکسی دەبەن ، دواتر لە تەوەری سێیەمدا باسی وەفایی لەنێوان خۆشەویستی مەجازی و حەقیقی دەکەین ئەمەش یارمەتیدەرم دەبێت بۆ جیاکردنەوەی شیعرەکانی وەفایی لەم ڕووەدا . پاش ئەم تەوەرانە دێن بە پێی ئەم تیۆرەی سەرەوە جۆرەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی دەست نیشان دەکەین .

1 ـ وەفایی لەنێوان حەزلێکردن و خۆشەویستیدا

حەزلێکردن و خۆشەویستی دووشتی جیاوازن ، لێرەدا ئەوەی پەیوەستە بەم بابەتەوە ئەوەیە ؛ ئایە وەفایی چۆتە پرۆسەی خۆشەویستییەوە ، خۆشەویستی کردووە یان نا ؟ شیعرە دڵدارییەکانی وەفایی ئایە پەیوەستن بە تەقلیدەوە یان (پڕکردنەوەی کەموکوڕیەکانی دیوانە) یان جۆرێکە لە گوزارشتکردنی ئەزموونی دڵداریانەی خۆی ؟ ئەگەر دڵداری کردووە ؟ یارەکەی وەفایی کێیە ؟ ناوی چییە ؟ جا بۆ ئەوەی شیعرەکانی وەفایی لەم دوو لایەنەوە لێکبدەینەوە ، پێویستە ئەم دوو چەمکە شیبکەینەوە :

ڕێبوار سیوەیلی لەم بارەیەوە دەڵێت : حەزلێکردن ( بەو پرۆسە تاکەکەسییە پێناسە دەکەم ، کە مەرج نیە جەمسەری دووەمی خۆی بدۆزێتەوە و جووتی خۆی پەیدا بکات و یان دەنگ و پەیامی بگاتە ئەویتر ، واتا : پرۆسەیەکی کۆنترۆڵ نەکراوی تاکە کەسانەیە ، لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و تەنیا لەئاستی جەستەییدا پەیوەندیمان بە کەسەکەی ترەوە دیاری دەکات و مەرجیش نییە ئەم پەیوەندییە یەکسان و لە هەر دوو لاوە بێت و تەنانەت مەرجیش نییە بەریەك کەوتنی جەستەیی لە نێوانیاندا ڕوویدات ) (سیوەیلی 2004، 25ـ 26)

ئەگەر بە پێی ئەم پێناسەیە بێت ، وەفایی ناوی چەند کچێك لە شیعرەکانیدا دەبینرێ ، کەئەمەش دەکرێ بە پێی ئەم تیۆرە شیکاربکرێت ، چونکە ( دۆست و دڵبەر و دڵدارەکانی وەفایی یاخود ئەو کچ و ژنانەی خۆشیویستوون و لە شیعرەکانیدا ناوی بردوون و چەند ناوێك هاتوون لەوانەیە ناوەکان کەسی حەقیقی و ناسراو بووبن دەشبێ ناوی مەجازی و دڵبەر و دڵخوازی شاعیرانە بووبن لەوانە : ـ گوڵەندام کە بە پێی تۆماری ئیدارەی نفووسی مەهاباد دایکی میرزا ئەحمەد بووە ـ شای شەکەر لێوان پوورە مریەم ژنی میناغای کوڕی قادر ئاغای ئێندرقاشێ بووە. ـ سوێیە (سوییا) کچە دێهاتییەکی شاروێرانی بووە ماڵە بابی هاتوونوتە سابڵاغێ ـ زارا (سارا خاتوون ) خێزانی وەفایی بووە ، لەشیعرەکانی ناوی نەهاتووە و پێیدا هەڵنەگوتووە ـ دلارام ناوێکیش هاتووە

ـ شیرینیش لە شیعرەکانی وەفایدا ناوی هاتووە ئەوا قسە و باسێکی زۆر هەیە ، کە ئایە شیرین کچە کەنیزەکێکی ماڵە شێخانی نەهری بووە وەکو گیوموکریانی گوتوویەتی ، یا ژنێکی ماڵە قازییانی سابڵاغێ ؟ یاخود وەکو ئەیوبییان بۆی چووە ؛ کچی ئەو باغەوانەی بووە ، کە ماڵیان لە گوزەری کوچەی (باغی سێوان) هەڵکەوتووە ؟یان هەر لە بنەڕەتەوە کەسێك بەو ناوەی نەبووە و وەفایی (شیرین)ی وەکو ناوێکی خواستراوی شاعیرانە و وەسفێك بۆ دڵخوازەکەی بەکارهێناوە ئەوا بەڵگە و دەلیلێکی یەکلاکەرەوەمان لەبەر دەست دانییە تا هەموو شك و گومانێك بڕەوێنێتەوە (دەشتی 2011، 92). ئەمە جگە لەو ناوانە (گوڵ پەریش)م لە شیعرەکانی بینیوە .

سەروی گوڵزاری (وەفایی ) یە کە گوڵزاری جەمال

خەندە گوڵ ، گوڵ بەرییە ، هەم گوڵە هەم گوڵ پەرییە ل 289

لەمەوە دەکرێ بگوترێت ؛ ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی وەفایی هەر کچێکی پێ جوان بووبێت شیعری لە سەر نووسیوە و لە دڵی خۆیدا کەوتبێتە داوی خۆشەویستی ئەو کچە و بەبێ ئەوەی کەسی دووەم ، کە کچەکەیە ئاگای لێ بووبێت ، وەسفی جوانییەکەی دەکات و لەگەڵی دەکەوێتە ژوان ، چونکە (لە پڕۆسەی حەزلێکردندا ژمارەیەکی زۆر لەکەسی چاوەڕواننەکراو هەن ، کە وزەی حەزلێ کردنەکەیان بەرەو ئاراستە دەبێت ، بەڵام لە خۆشەویستیدا یەك کەسی دەستنیشانکراو هەیە ، کە بە هیچ کەسانێکی دی جێگەکەی پڕنابێتەوە ) (سیوەیلی 2004، 28) ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەوەی وەفایی خۆی وابەستەی کەسێکی دیاریکراو نەکردووە بەڵکو هەر جارێ ناوێك و بەڵام گوڵئەندام لە هەموویان زیاتر ناوی لە شیعرەکانیدا دەبینرێ ، ئەمەش وەڵامێکی لۆژیکییانەیە و یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ؛ شیعری دڵداری تەقلیدی بۆ پڕکردنەوەی دیوانە و شاعیر ناکەوێتە پڕۆسەی ڕاستەقینەی خۆشەویستییەوە .

حەزلێکردن ئەگەر هەستی شاعیر بێت بەرامبەر بەکەسێك بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسە بکەوێتە بواری پڕاکتیکی عیشقەوە ، هەروەکو چۆن بۆچوونێك هەیە باس لە لاسایکردنەوەی شاعیران دەکات لە بابەتی دڵداری بۆئەوەی دیوانی شیعرییان تەواو بکەن ، ئەم پێوەر و قسەیە بۆ بەشێك لەشیعرەکانی وەفایی راستە ، بەڵام لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی تری شیعریدا شیعری دڵداری دەبینرێ ، بەحوکمی ئەوەی ناوەکانیشیان دەهێنێت ، ئینجا ناوەکان چ واقیعی بن یان ڕەمز و سونبولێکبن ئەم حاڵەتەش ئەم دوو گریمانەیە لەخۆی دەگرێ :

گریمانەی یەکەم : ناوەکان ناوی واقیعی بن بە بەم بەڵگانەی خوارەوە :

یەکەم : شیعرەکان دەکرێ بڵاو نەبوونەوە و تەنها لای شاعیر خۆی بوو بێ

دووەم : هەندێ لە ناوەکان توانراوە کەسایەتەکانیان لەو سەردەمەدا بناسرێنەوە .

کەواتە : وەفایی بەهەردوو قۆناغدا تێپەڕبووە ،ناکرێ بگوترێت ؛ وەفاییێك بەو هەموو شیعرە جوان و ناوازانەی کەهەیەتی ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە بە پێی دیوان و بە پێی فیدباکی خەڵکیش بێت بە شاعیری دڵداری ناسرابێت هەر وەك کامەرانی شاعیر کە شیعری دڵداری نووسیوە دەڵێ : (بەلای منەوە ئەو شاعیرەی بڵێ : دڵداریم نەکردووە و خاوەنی هۆنراوەی دڵداری تێر و پڕ بێ ، ئەوا : بێ پەردە دەڵێم :راست ناکات منیش منی شەیدای جوانی ئافرەت و خاکەکەم .... بەراستی لە کوڵی دڵمەوە شەیدا بووم . ئەگەر چی یەکەیەکە هۆنراوەکانم بەسەر کەسێکی دیاریکراودا هەڵنەدراون ، بەڵام نیگارێکی حەقیقی کاری لە دڵم کردووە . ) (ع. بەرزنجی 2012، 77) . واتا : دەکرێ هەستێکی دڵدارییانە بوونی هەبێت ، بەڵام ئەوەی بە پراکتیکی و کەسی دووەم ئاگای لێبێت یان نا ئەوە شتێکی ترە و دەچێتە خانەی حەزلێکردنەوە ، واتا : لە هەردوو پڕۆسەی حەزلێکردن و خۆشەویستیدا کەف و کوڵی دڵدارییانە هەیە لەشعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە .

2ـ وەفایی لەنێوان خۆشەویستی و ئیرۆتیکدا

ئیرۆتیك و خۆشەویستی ڕەهەندێکی تری شیعرەکانی وەفاین ، بەڵام پێش ئەوەی بێینە سەر شیکردنەوەی شیعرەکانی لەم ڕووەوە ، هەوڵدەدەین باس لە دوو چەمکە بکەین هەریەکەیان چین و پەیوەندی نێوانیان چییە ؟ بابەتی خۆشەویستی و ئیرۆتیك مشتومڕی زۆری لەسەرە ، هەندێك وەکو دوو چەمکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن ، هەندێکی تر پێیان وایە ؛ ئیرۆتیك ، بەشێکە لە خۆشەویستی ، جا بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان دەست نیشان بکەین ، پێویستە پێناسەی هەردووکیان بکەین :

یەکێ لە بۆچوونەکان پێی وایە : خۆشەویستی و عەشق : (کردەیەکی ویژدانی و ڕۆحییە ، پاك بوونەوەی ڕۆح بەو مەرجەی لە دەرەوەی چێژە جەستەییەکانەوە بێت ) (حسین بلا تاریخ، 202) مەبەستی عیشق ، لێرەدا : عیشقێکی ڕوحی و هەستییە ، کە دەروون ئارام دەکاتەوە و بەدەر لە خۆشەویستییەکی جەستەیی ، چونکە ئەم جۆرەی خۆشەویستی بەرە و چێژە جەستەییەکان مرۆڤ ئاراستەدەکەن ، پێوەریش بۆی جوانی جەستەیە ، لەدەرەوەی حەزە خۆویستییەکانی تاکدایە ، چونکە لێرەدا مەعشوق یار سەنتەرە نەك خودی نەفس و خۆویستی کەسی عاشق ، چونکە ( بە عەشق، تەنها بە عەشق دەتوانرێت لە( بەندیخانەی من ) ئازاد ببین ) (شەریعەتی بلا تاریخ، 111) واتا بە پێی ئەم بۆچونە بێت ئیرۆتیك لەگەڵ خۆشەویستی دووشتی جیاوازن ، بەڵکو خۆشەویستی ڕاستەقینە بەشێکە لە سۆفیگەری و لایەنی ڕووحی ، ئەمەش ئەو پرسیارە دەورژێنێت : دەکرێ دڵداری ڕوحی تێکەڵ دڵداری جەستەیی بێت ، ئەم گریمانەیە زۆرێك لەو شیعرانە ڕەتدەکاتەوە ، ڕەنگە شاعیر بۆ مەبەستی عیشقێکی حەقیقی نووسیبێت ، بەڵام لە ڕواڵەتدا گوزارشتبن لە دڵداریی جەستەیی .

ئەگەر عیشقێکی ڕاستەقینە بوونی نەبێت ، یار سەلامەت نابێ و دەبێتە زەمینەی حەزەکانی عاشق ، بەوپێیە هەندێك لە شیعرەکانی وەفایی بە پێی لایەنی جەستەیی شیکردنەوەی بۆ دەکەین ، کە ئەمەش دەلالەتە لە حەزو ئارەزووەکانی شاعیر ، بەڵام شتێکی تر دێتە پێشەوە ئایە داخراوی و پابەندبوونی کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەدا چۆن ڕێگا بە شاعیرێك دەدات ، باس لە هەستی دڵدارییانەی خۆی بۆ کچێك دەربڕێ و ناوی بزڕێنێ ؟! نمایشی عیشقێکی ئارەزوو پەرستی بکات ئینجا بۆ بە تیۆریزەکردنی ئەم جۆرەی شیعر لای وەفایی پێویستە باس لە چەمك و پێناسەی ئیرۆتیك بکەین :(ئەدەبی ئیرۆتیکی پێکهاتووە لە چیرۆکی خەیاڵی و ڕاستەقینە ، کە

پەیوەستە بە پەیوەندی سێکسییەوە ) (حەوێزی و عیسا 2015، 117) واتا : سێکس بنەمای ئیرۆتیکە لە خۆشەویستی ڕاستەقینە جیادەبێتەوە  نمونەی ئەم جۆرەی شیعر لای نالی دەبینرێ و دەکرێ بڵێین : هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی وەفایش لاسایی نالی بکاتەوە بەڵام لە شیعرەکەی نالی دەبینین : ( دڵداری و سێکس پەردەیەکیان کەوتۆتە نێوان نالی بەیەك وشەش گوزارشت لە عیشق و مەحەبەت و خۆشەویستی خۆی ناکا بۆ مەستووورە ، دەبینین نالی و مەستووورە ئەندامی خۆیان نیشان دەدەن و بۆیە دەتوانین بڵێین : نالی و مەستووورە لەو قەسیدەیە وەك دوو ئەکتەری سەرەکی فیلمێکی پۆرنۆن ) (خەلیل 2012، 79 ـ 80) ئەم بۆچوونەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئیرۆتیك و خۆشەویستی ڕاستەقینە لەیەك قاڵب دا جێگەیان نابێتەوە ، چونکە عیشق و هەواپەرستی ناتوانن بەیەکەوە کۆببنەوە و ئاوێتەی یەکتر ببن بە هاتنی یەکێکیان ئەوی تریان بوونی نامێنیت ! چونکە (ئەگەر عیشق بە عیشقی نەما ، ئەوا ؛ دەبێتە هەواپەرستی ، بۆیە هەروەك چۆن عیشق هەیە و وەهمی عیشقیش هەیە ، زۆرجار زەینی ئێمە حاڵەتێکی وەهمی عیشقمان وەك عیشق پێ نیشان دەدات  (غەریب بلا تاریخ، 37)

هەندێ پێیان وایە : خۆشەویستی سەردەکێشێت بۆ ئیرۆتیك ، چونکە(ئیرۆتیك پەیوەندییەکی زۆری بەڕۆمانسییەتەوە هەیە ، چونکە ڕۆمانسییەکان گرنگی بە خەون و خەیاڵ و لایەنی سۆز و نەست دەدەن ، ئەم بابەتەش ئیرۆتیك و حەزە کپتبووەکانیان لێدەچۆڕێتەوە ، سێکس و ئیرۆتیك پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە بابەتە ئەدەبییەکانەوە هەیە ، حەزە کپتبووەکانیش لە ڕێی لەخەون و خەیاڵ و بابەتە ئەدەبییەکانەوە بەتاڵ دەبنەوە  ، چ بە ئاگایی چ بێ ئاگایی لە نەستەوە دزە دەکەنە نێو بابەتە ئەدەبییەکان (حەوێزی و عیسا 2015، 164)

ئینجا ئەو پەیوەندییەی نێوان ئیرۆتیك و ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی خەیاڵ و نەستی شاعیرە و سەرچاوەی دروست بوونیان یەکە ، قۆناغەکانی ژیانی کەسەکانیش جیاوازە ، بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر بڵێین : وەفایی لەسەرەتاکانی تەمەنی لاویدا شیعری حەزلێکردن دواتر دڵداری و ئیرۆتیکی نووسی بێت ، چونکە پێویستی ئەو کاتە هاندەربووە بۆ نووسینی ئەم جۆرە شیعرانە و دواتر بەرەو جۆرەکانی شیعری ئاینی و سۆفیانە هەنگاوی نابێت ئەمە بەنیسبەت شاعیرانی تریشەوە هەر ڕاستە کە دەبینرێ : ( لە تافی لاویدا شیعری ئەوینداری و ئیرۆتیکیان زۆردەبێت و لەتەمەنی پیریدا کەمتر  ... گەر ئەمە بەهۆی لاواز بوونی توانای سێکسی و بەسەرچوونی تەمەنی ئەڤینداری نەبێت هۆکاری دیکەی نییە ، سێکس و ئەڤین ئامانجی نووسەرن و هەمیشە شوێنێك دەدۆزنەوە لە دەقەکانیدا تاکو جێی ئەڤینی تێدا بکەنەوە ( الدين 2017 ، 29)

3 ـ وەفایی لەنێوان خۆشەویستی مەجازی و حەقیقیدا

شعری دڵداری ، یەکێکە لەو شیعرانەی کە پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە لە دیوانی وەفایی دا ، تێڕوانینی وەفایی بۆ ژن  لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا تێڕوانینێك نییە تەنها لەسەر بنەمای جەستەی ژن بونیادنرابێت ، چونکە هەندێ جار لەو جۆرە تێڕوانینە نزیك دەبێتەوە کە لە مێژووی ئەدەبیاتدا بەخۆشەویستی پاك (الشعری العزری) ناودەبردرێت . هەروەکو گریکییەکان پێیان وایە: (خۆشەویستی دووبەشە یەکەمیان : حەز یا خۆشەویستی لەش ، کە وشەی  خوای خۆشەویستی بۆ وەسف کردنی بەکاردێت دووەمیان : خۆشەویستی عوزری  (ئەگاپیە) یە (ع. بە رزنجی 2012، 76)) ئەگەر بەپێی ئەمە بێت   هەردوو جۆری شیعری دڵداری لە شیعرەکانی وەفایدا دەبینرێ.

دڵداری و وەفایی دوانەیەکی پێکەوە گرێدراون ، ئەگەر دڵداری لە شیعرەکانی وەفایی دەربهێنین شتێك نامێنێت بە ناوی شیعر ، چونکە سەرەتای نووسینی شیعری  هەر بە عیشق دەستی پێکردووە و هەر بەعیشقیش کۆتایی پێ هێناوە ، وەفایی شاعیرێك بووە عاشق بووە ، ئەزموونی عیشقی هەبووە و لە جۆرێکی شیعری دڵداری و ئەزمونێکی ژیانیدا یارێکی گرتووە و بە باڵای ئەو یارەیدا هەڵیداو و کردویەتی بە بووکی شیعرەکانی ، سەبارەت بە عیشقی حەقیقیش وەفایی لە ڕێگەی عیشقی مەجازییەوە بەرەو ئەم عیشقە چووە و هەنگاوی ناوە ، چونکە ( خۆشەویستی خوایی بە دوو ڕێگە دەکەوێتە دڵ و دەروونی عاشقەوە : یان ڕاستەوخۆ نوورێکەدەرژێتە دەروونەوە و ڕوناکی دەکاتەوە یان لەڕێگەی خۆشەویستی مەجازییەوە دەگوازرێتەوە بۆ عەشقی حەقیقە . (د. شوان 2009، 14) واتا : وەفایی ئەزمونێکی دڵدارییانەی هەبووە و پراکتیزەی کردووە لە عیشقە حەقیقییەکەشیدا ، جیاوازێکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نابینرێ درێژکراوەی عیشقەکەی پێشوتریتی ، پاشان لەوێوە بەرەو سۆفیگەری هەنگاو دەنێت ، چونکە دوو جۆر شێوازی شیعری دڵداری هەیە ، یەکێکیان کە وەکو کچێك وەسفی دەکات و ماکی ئاینی و سۆفیانەی پێوەدیارنییە و ئەوی تریشی بە پێچەوانەوە هەست بەم لایەنە دەکرێت تێیدا .

ب ـ جۆرەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی

دەتوانین چەند قۆناغێك لە شیعرەکانی وەفایی دەست نیشان بکەین :

دەستنیشانکردنی کات و مێژوویێك بۆ شیعرەکانی وەفایی دیارە کارێکی ئەستەمە ، کەچی دەبینین زۆر جۆری مەبەستی شیعر دەبینرێ لە دەقەکانیدا هەر جارەی یار دەبێت بە کەسێك و زۆر جاریش تێکەڵەیەك و بەریەك کەوتنێك لە ناو خودی یەك دەقدا دەبینرێ ، کە سەرلە خوێنەر دەشێوێنێ ئاخۆ دەبێ یار کێ بێت ... بەحوکمی ئەوەی عیشق لای وەفایی سەنتەرە ،لەهەر دەوروزەمانێکدا بەجۆرێك دەخولێتەوە و بە بەژن و باڵای یارێکدا هەڵدەڵێت ، زۆربەی کات وەفایی دڵدارە و بەدوای دولبەردا وێڵە ، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە و زانستییانە ئەم ڕەهەندە فیکرییە لای وەفایی بخەینە ڕوو بە پێویستی دەزانین ؛ جۆرەکانی  یاخود بەشەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین :

1 ـ شیعری دڵداری جەستەیی

لەم جۆرەی  شیعردا شاعیر خۆشەویستی خۆی بۆ جەستەی ئافرەت دەردەبڕێت و وەسفی دەکات و بە بەژن و باڵای ئافرەتدا هەڵدەدات  حەسیب قەرەداغی پێی وایە : ( شیعری دڵداری بریتییە لەو غەزەلانەی پڕیانە لە هەڵڕشتنی ئاخ و داخ و سەوداسەری بەدوای یارا و پیاهەڵدان بە جوانی و چاوی ڕەش و زوڵفی لوول و باڵای بەرز و ئەبرۆی کەمانی ... (ع. بەرزنجی 2012، 77) ئەمەش بە پێی شیعرەکانی وەفایی دەکرێ بە چەند بەش و جۆرێك کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

أ ـ شیعری دڵداری  جەستەیی نیمچە کراوە

لەم جۆرەی شیعردا شاعیر باسی جەستەی ئافرەت دەکات ، جارجارەش بە شێوەیەکی نیمچە کراوە ئەندامەکانی وەسف دەکات . هەروەکو لە غەزەلی ژمارە (9) دا دەڵێت :

لێوەکەی ئاڵت دەڵێن عاشق لەسووتان بەردەدا
زەڕڕەیەك نوورە بەڵێ ئاگر لە ئینسان بەردەدا
من لە سیڕڕی حیکمەتی چاوت عەجەب ماوم ، عەجەب

ئەو نەخۆشە خوێنی قەلبی من بە موژگان بەردەدا (وەفایی و ئاسۆ 1395، 37)

لێرەدا شاعیر وەسفی جوانی یارەکەی دەکات و لەلایەکی تریش باس لە کاریگەری ئەو جوانییە لەسەر خودی خۆی دەکات ، پێی وایە : لێوی یار عاشقان دەسوتێنێ ، زەڕڕەیەك نوورە ، بەڵام مرۆڤیش دەسووتێنێ ، لێرەدا دژیەکییەك هەیە ، ئەگەر نوور بێت، نوور مرۆڤ ناسوتێنێت ، بەڵام دەیەوێت بڵێت : عیشقەکەی عیشقێکی زەمینییە . وەفایی دەڵێت : چاوەکانی یار نەخۆشن ، بەڵام بەبژانگەکانی منی نەخۆش چارەسەر دەکات . لە پاشان وەفایی بەردەوام دەبێت و لە دێرەکانی کۆتایدا دەڵێت :

لێوی یاقووتت ئەگەر قووتی ڕەوانی عاشقە

پێم بڵێ وەجهی چییە ئاگر لە ئینسان بەردەدا

زاری تۆ گوڵزارە خۆ ، بۆچ ئابی حەیوانی هەیە؟

سەرووی تۆ ئازادە ، بۆچ نارنج و ڕومان بەردەدا ؟ (وەفایی و ئاسۆ 1395، 38)

لەم شیعرەدا دەیەوێت بەرەو ئیرۆتیکییەت بچێ ، چونکە لێوی دوڵبەر دەکاتە خۆراکی عاشقان و زاریشی بە گوڵزار چواندووە ، بەڵام شاعیر لە مەبەستەکەی خۆی بادەداتەوە و دەڵێت : ئەی بۆچی ئاوی ژیانی هەیە ، ئێمە خۆ دەزانین ؛ گوڵ ئاوی نییە ، سیفەتی جوانی ناسکی لە گول وەردەگیرێ ، بەڵام شاعیر مەبەستێکی شاراوەتری هەیە ، کە مەبەستی ماچ کردن و مژینی لێوی یارە ، کە هۆکارە بۆ زیندووکردنەوەی ژیانی ئەو .

شاعیر لە تەواوی غەزەلەکەدا وەسفی لێو و موژگان و چاو و زوڵف و خاڵی هیندوو و زار وقەد و... باڵای یاری کردووە ، دەیەوێت بڵێت : بەژن و باڵای تۆ وەك داری سەرووە ئەوەندە بەرزو درێژە ، بەڵام جیاوازی تۆ لەگەڵ ئەو دارە ئەوەیە تۆ بەرت هەیە ، نارنج و هەنار دەگرێت ، لێرە بە شێوەی خوازە هاتووە مەبەست لێی مەمکی یارە ، بەڵام شاعیر مەبەستی نەبووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەمە بڵێت ؟!

لێوی ئاڵت چاوی کاڵت بوونە فیتنەی دین و دڵ

حەقیەتی ـ باللە ـ "وەفایی " دەست لە ئیمان بەردەدا (وەفایی و ئاسۆ 1395، 39)

وەفایی دان بەوەدادەنێت ، کەجوانی یارەکەی دین و دڵی بردووە ، بۆیە کەوتۆتە نێوان دوو بەرداشدا ؛ یان یار یان ئیمان ، بەڵام جوانی یار دینەکەی بردووە و بۆیە ئەویش دەست لە ئیمانی بەردەدا. دەکرێ ئەم شیعرە بەسەرەتاکانی قۆناغی عیشقیش لای وەفایی دابنێین بەوەی وەفایی لە سەرەتادا بەخۆشەویستی ئافرەت دەستی پێکردووە ، دواتر بە عەشقی ئاینی و ئاسمانی کۆتایی بە عیشقەکەی هێناوە

ب ـ شیعری دڵداری جەستەیی کراوە

ئەم جۆرەی شیعر بە پێچەوانەی شیعری دڵداری نیمچەکراوەیە ، چونکە ڕاستەوخۆ و بەبێ پەردە باس لە ئەندامەکانی یار دەکات و بۆیە دەتوانین بڵێین : ئەم جۆرەی شیعر ئیرۆتیك بەرهەم دەهێنێت بۆنمونە شاعیر لە غەزەلی ژمارە (70 ) دا وەسفی خۆشەویستەکەی دەکات دەڵێ :

ڕۆژی تەڕەب و وەختی گوڵ و فەسڵی بەهارە

یاران گوڵەکەم کوا کە دەمی بووس و کەنارە

ئێستا بەهارە و کاتی شادی گوڵە و ئەی هاوڕێیان یارەکەم کە وەکو گوڵە لەکوێیە ؟ ئێستا کاتی باوەش و ماچکردنە ، واتا هەست و خۆشی خۆی دەبەستێتەوە بە جوانییەکانی سروشت و ئێنجا بەردەوام دەبێت لە وەسف کردنی قەد و باڵای یار و کوڵم و زوڵف و برۆ و ..ئینجا دێت وەسفێکی جەستەی یارەکەی دەکات ، لەسەرەتادا بە شێوەیەکی نیمچە کراوەیی و دواتر بەئاشکرا وەسفی دەکات و دەڵێ :

بەو قامەتە حەیرانی شکۆڤەی قەد و باڵام

قەد نارەوەنە و باغی گوڵان باغی هەنارە

سووتاوم و شێواوم و سەودایی و مەستم

بەو عاریزە بەو پەرچەمە بەو چاوە خومارە

دەڵێ : من شێتی ئەو باڵایەی تۆم . کە قەدت لەداری نارەوەنە و ڕوخسارت گوڵە و سینەشت باغی هەنارە ، من لەبەر ڕووخسارت سووتاوم ولەبەر پەرچەمت شێواوم و لەبەر ئەو چاوە خومارەشت مەست و سەودام . لێرەدا وەفایی سوتان و سەرسامی خۆی بەرامبەر بە یارەکەی دەردەبڕێت ، کە ئەمەش وێنەیەکی جوانی ڕومانسیزم نیشان دەدات ، کە توانیویەتی جوانی سروشت و بەهار تێکەڵ بە هەستە دڵدارییەکەی بکات .

گوڵ دەستە ، نیگەهـ مەستە ، دەهەن پستە ، گوڵ ئەندام

زولفی کە هەموو داوی دڵی عاشقی زارە

بەو دوو مەمە زولف و ڕوخی تۆ نۆبەری سەرون

هەر عەترە بە تا هەر گوڵ و نارنجە بە بارە

پرسیم : چییە ؟ تەبخاڵە لەسەر ئەو لەبە ؟ فەرمووی :

جێی ماچی وەفایی ئەوە نیشانەیی پارە

لێرەدا باسی سنگی یارەکەی دەکات و تەنانەتە دەگاتە ئەو شوێنەش باسی ماچی یارەکەی دەکات .

ج ـ شیعری دڵداری جەستەیی ئیرۆتیك

پاش ئەوەی شیعرە دڵدارییەکانی لە نیمچە کراوە و بۆ کراوە دەچن ، ئینجا ئەمە ڕێ خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی بەرەو ئیرۆتیکییەت هەنگاوبنێن . بوونی شیعری ئیرۆتیکیش لای نالی و شێخ ڕەزاش هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی وەفایی بە ئاسانی بەو ئاڕاستەیە هەنگاو بنێت ، بەتایبەتی شیعرەکەی نالی لەسەر مەستوورە ، کە لەلایەك ڕێگاخۆشکەربووە و لە لایەکی تریشەوە هاندەربووە بۆ نووسینی ئەم جۆرە تێکستە ( ئیرۆتیکیش وەك چەمکێکی هەمیشە لە ئەدەب و بەرهەمی زۆرێك لە شاعیرانی کلاسیك ڕەنگیداوەتەوە جا چ بە ئاشکرا و چ بە بەکارهێنانی هێما و پەردەپۆشکراوی بێت ، بەڵام نالی رابەری ئەو ڕێچکەیەی شکاندووە و بەئاشکرا باسی مەیلی خۆی بۆ جەستەی ژن کردووە . (الدین 2017، 80 ـ 90 )

وەفایی چەندین شیعری ئیرۆتیکی هەیە تەنانەت ئاماژە بە شوێن و کەل و پەل و ئامرازە ئیرۆتیکییەکانیش دەکات باسی ماچ و مەمك و دەم ... بە چاوێکی ئیرۆتیکیانە دەیانخاتەڕوو ، ئەگەر چی هەندێ جاریش هەمان کەرەستە و ئامرازی بۆ یاری حەقیقیش بەکارهێناودەخەینەڕوو ، بەڵام لەهەموو شیعرەکانی زیاتر شیعری شیرین تەشی دەڕێسێ زیاتر ئەم ئامانجەی پێکاوە .

لە غەزەلی ژمارە 10 دەڵێت :

بۆ چ برۆم لێ تێکدەنێی ڕووت وەردەگێڕی چاوەکەم ؟

کابە کەچ بوو ؟ قیبلە گۆڕا ؟ ماچێکی لەو لێوە دا

ئەو بەیتانەی وەفایی کە باسی لێو دەکەن ، هەنگاونانێکە بەرەو ئیرۆتیك و سێکس ، یاخود گوزارشتکردنێکە لە ئیرۆتیك و سێکس کە وەفایی (باسی ماچ و لێو دەکات ) بۆ مەبەستی ئیرۆتیکی بەکاریهێناوە و ئەوەش ئامانجی ئێمەیە ، کە ئەمە

بسەلمێنین و پشت ڕاست بکەینەوە ، کە شاعیر شیعری ئێرۆتیکی هەیە ، واتا ؛ زەمەنێك یان قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی بۆ ئەم جۆرەی شیعر تەرخان کردووە ، تەنانەت بەشێوەیەکی نائاگایش لە شیعری سۆفیانەشی دووبارە بوونەتەوە و بە ئاشکرا درکی پێ دەکرێت .

لە غەزەلی ژمارە ( 79 ) دەڵێ :

لەمحەت بەسەفا نیوەیی ماهێکی تەمامە
دڵ عاشق و سەودائییە ماهێکی تەمامە

ئیشارەت و نیشانەی جوانیت دەڵێ : مانگی چواردەیە ، ئەوە مانگێکی تەواوە دڵم عاشق و شێتی تۆیە . واتا : ڕاستەوخۆ شاعیر کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە و لێرەدا وەسفی یارەکەی دەکات و هەست و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت و بەرەبەرە بەرەو ئێرۆتیکییەت هەنگاو دەنێ و دەڵێ :

پێم گوت وەرە بمکوژە بە دەمت بمکوژە ! فەرمووی
مومکین نییە ئەو ئەمرە لەسەر چاوی سیامە
بەو پەنجە کە ڕەنگی دڵە ساقی کە ئەتۆبی
پەیمانەیێ زەهرم بدەرێ عەینی شیفامە

گۆتم وەرە بەدەمت بمکوژە ، یار گوتی : بەسەر چاو وەفایی : بە پەنجە خوێناوییەکانت ئەگەر ئەتۆ ساقی بی زەهریشم بدەیێ ئەوا من لەبری ئەوەی بمرم چاك دەبمەوە ، واتا : دەیەوێ بە یار بڵێ : خۆشەویستی تۆ منی کوشتووە ئەگەر تۆ بێی منیش بکوژێ !؟ ئەوا کوشتنی تۆ بۆمن زیندووبوونەوەیە .بۆیە دەڵێ :

بۆ کوشتنی من دەست مەدە خەنجەر ، بەفیداتم
لەو خونچە گوڵی وەك دەمە یەك ماچی تەمامە
من تاڵیب و دڵ ڕەهرەوی نێو زوڵمەتی زوڵفت
خاڵت خدری زیندە ، دەمت ئابی بەقامە

بۆ کوشتنی من پێویستیت بەخەنجەر نییە ، بەڵکو تەنها یەك ماچم لەو دەمە گوڵەتم بەسە ، چونکە من داواکار و تەماحگیری زوڵفی ڕەشتم ، خاڵت خدری زندەیە و دەم و لێویشت ئاوی بەقا و زیندووبوونەوەیە ، لێرەدا کەرەستە ئێرۆتیکییەکە بە زەقی بەدیار دەکەوێت ، واتا : کاتێك لەگەڵ یار بەیەك دەگەن پەیوەندییەکە لە خۆشەویستییەوە بەرەو ئێرۆتیك دەچێت . لە پێنج خشتەکی شیرین تەشی دەڕێسێ دەڵێ :

قوتووی لوئالیانە لە زیوی دارژاوە
لەباڵەبە لە حیکمەت لە شەهدی هەڵ کراوە
لەبەر نەزاکەتی ڕۆژ ڕەوواقی دادڕاوە
بەتەرزی درزی دەرزی لەخۆوە درزی داوە
بەمەی عەیان کراوە ، شیرین تەشی دەڕێسێ

* * *

بەدڵ بە دیدە سووژن لە غونچە گوڵ یەرەق بوو
شەشپەڕەکەی وەفایی کوڵوفت و تیژ و ڕەق بوو
لە هاتوچۆی سەماوی گوڵ هەم وەرەق وەرەق بوو
شەقایقێکە شەق بوو شەقایقێ کە شەوق بوو
بەڵێ چ موستەق بوو ، شیرین تەشی دەڕێسێ

لە هەردوو پێنج خشتەکییەکە باسی ئەندام و پەیوەندییە سێکسییەکە دەکات .

2 ـ شیعری دڵداری مەجازی

لەم جۆرەی شیعری دڵداریدا شاعیر هەست و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە یار دەردەبڕێت ، شیعرێکە باسی جەستەیەك دەکات و وەسفی دەکات و سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ ئەم جەستەیە دەردەبڕێت واتا : زۆر ئاساییە یارەکەی هەر کەسێ بێت ، بەڵام جیاوازی ئەم جۆرەی شیعر لەگەڵ شیعری دڵداریی جەستەیی ئەوەیە : لێرەدا خۆشەویستییەکە روحیە بەدەر لە بەها چێژ و سێکسییەکان . واتا : کلێشەیەکی شیعری هەیە کۆد و کلیەکانی یار دەست نیشان دەکەن بۆیە لەم تەوەرەیەدا ئەو شیعرانە دەخرێتە ڕوو

1 ـ شیعری دڵداری بەگوێرەی دوڵبەر

لەبەر ئەو ئاڵۆز و وردییەی لە شیعرەکانی وەفاییدا هەیە، بە پێویستمان زانی بە جیا و بەتەوەرەی سەربەخۆ باس لە هەر شیعرێکی دڵداری بکەین ، کە یار هەرجارێ کەسێکە و بەشێوەیەکی لێکچووش شاعیر وەسفیان دەکات و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت :

أ ـ شیعری دڵداری دوڵبەر(کچ)

لەم جۆرەی شیعردا بە ئاشکرا هەست بەمە دەکرێت ، کە ئەمەی بۆ کچێك گووتووە جا چ بەناوهینان بێت ، یان بە ئاماژەیەك بێت ، کە دەلالەت بکات لە شیعرێك کە بۆ مێ نووسرابێت ، بەڵام لەم جۆرەی شیعردا هەست بە ئێرۆتیکییەت و لایەنی جەستەیی ناکەین ، بەڵکو لە چوارچێوەی ڕوحیەت و عیشقێکی ڕووحیدا دەسوڕێتەوە ، بۆنموونە لە غەزەلی (42) دەڵێت

لە داغی زولفی یار و عاریزی وەك لالە سووتاوم
بە ڕەنگی لالە بۆیێ داغدار و غەرقی خوێناوم

لە داغی ڕەشیی زولفی یار و سووری ڕوخساری وەك چرای دەستی گڕم گرتووە ، هەر بۆیە وەکو گوڵی هەڵاڵە خەرقی خوێنم و داغدارم لە چەنگی جوانی یار ، واتا : لێرەدا ئاماژەیەکی جەستەیی و ئێرۆتیکییەت نابینرێ ، باس سوتان و خۆشەویستی هەستی دەکرێت .

لەبەر چاوت کە ڕەمزی نوکتەبازی مەکتەبی حوسنە
وەها مەستم لە ڕەنگی حەرفی مەعنا لەوحی شۆڕاوم

لێرەدا باسی جوانی یار دەکات و جوانی یارەکەی و خۆی بەراورد دەکات و دەڵێت : من لەبەر چاوی تۆ وەها قسەزان و ئەهلی قسەم ، بەڵام لەمەدرەسەی جوانی تۆدا دەرێیی : تەختەڕەشی مەدرەسەم ، لە حەرف پاککراومەتەوە و هیچ مەعلوماتێکم نییە !؟ واتا : من دەمەوێ وەسفی جوانی تۆ بکەم ، من خۆم زۆر قسەزانم بەڵام ، کە دێمە سەر جوانی وەسفی تۆ هیچ شتێکم بۆ نایەت لایەق بە وەسف و جوانی تۆ بێت .

عیزار و زولفی تۆ ـ بێ شك ـ شەو و ڕۆژ پێکەوەن ئەمما
شەو و ڕۆژ پێکەوە ؟ لەو وەجهە من حەیران و داماوم
تەلیسمی بابلە ، سیحری حەڵاڵە ـ قەد ڕەها نابم ـ
وەفایی ! یا بە داوی زولف و ڕەمزی چاوەگیراوم

ڕوخسارت دەڵێی : ڕۆژە و زوڵفت دەڵێی شەوە ، کە پێکەوەشن ، ئەرێ دەکرێ ؛ شەو ڕۆژ پێکەوەبن !؟ ئاخر ئەوە شتێکی مەحاڵە ، من بۆیە سەرگەردان و دەرماندەم ، لێرەدا جوانی یارەکەی بە شەو و ڕۆژ چواندووە و سەرگەردانی خۆی لەمەڕ جوانی یار دەربڕیوە . بەردەم دەبێت و دەڵێ : ئەرێ وەفایی ئەو شتەی منی تێکەتووم زیندانی بابلە یان عاشقییە یان بە زولف و ڕەمزی چاوی یارەوە ئەسیر بووم ؟ تکایە

تۆ بۆم روون بکەوە ؟ وەفایی ئەو دۆخەی تێکەوتووە بە زیندانی چوواندووە و چونکە ئەو تەنهایە لەگەڵ عیشقەکەی ، ئەمەش وێنەیەك و نمونەیەکی جوانە ، مانای ئەوەیە ؛ تەنها عیشقەکەی لە مێشکی دایە ، چونکە زوڵف و چاوەکانی یار وەفاییان کۆت و زیندانی کردووە .

ب ـ شیعری دڵداری دولبەر (پێغەمبەر )

بەشێکی زۆری شیعرەکانی وەفایی لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە ، تەنانەت خۆشی ئاماژە بەوە دەکات ، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ ئەو تەرخان کردووە ، کەچی خەڵکی وادەزانن شیعرەکانی دڵدارین بۆ کچێك گووتراون ، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە دژ بەیەکەدا بکەین ، دەکرێ بڵێین : جۆرێك لەڕاستی لە لای هەردوولا هەیە، کاتێك وەفایی دەڵێ : بۆ پێغەمبەرم نووسیون دەکرێ بڵێن : ڕاستە !؟ بەڵام بە هەناسەیەکی عاشقانە نووسراون ، هەر ئەمەش وایکردووە خەڵکی بەو چاوە تەماشای بەشێکی زۆری شیعرەکانی بکەن ، ئەمەش بۆ خوێندنەوەی دەقی شیعرەکانی وەفایی شتێکی ئاساییە ، چونکە دەق کراوەیە بە پێی کات و شوێن و خوێنەر دەکرێ خوێندنەوە جیاجیای بۆبکرێت

لە غەزەلی (66) وەفایی دەڵێت :

سەرگەشتە و شێواوە وەکو سایە لە دووتە
گۆیا سەری زولفت وەکو من عشقی رووتە
زەنگی و فەرەنگی سەفی کێشاوە بە قەتڵم
غەمزە و موژە دێن بۆ دڵی دێوانە بە جووتە

زولفت گۆیا وەکو من عاشقێکی هەژاری رووخسارتە و پەرێشان وەکو سێبەر بەرووتا دێ سەری زولفت ناهێڵێت جوانیت ببینم ، چونکە ئەویش وەکو من هەر تەنها تۆی هەیە و هیچ شوێنێکی تری نییە و بێ ماڵ و حاڵە .

نوورانیە عالەم لە سایەی سەری زولفت
سایەی سەری تۆ سایەی مولك و مەلەکووتە
هەرچی هەیە جەننەت بە گوڵ و نافە نەنازێ !
عەکسی روخ و عەتری شکەن و تایەکی مووتە

عالەم لە ژێر سێبەری زوڵفی تۆ رووناك بووە، سێبەری سەری تۆ سێبەری مادی و مەعنەوییە بەهەشت با هێندە بە بۆنخۆشی و گوڵزاری خۆیەوە فەخر نەکات ، جوانییەکەی شەوق دانەوەی روخساری تۆ و بۆنخۆشی زولفی تۆیە ، ئەم شیعرە دەکرێ بگوترێت ؛ بۆ حەزرەتی حەق یان پێغەمبەر نووسرایەوە ، یان شیعرێکی دوولایەنە .

ج ـ شیعری دڵداریی دولبەر (شێخ)

لەم جۆرەی شیعردا شاعیر سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ شێخەکەی دەردەبڕێت هەروەکو لە غەزەلی ژمارە (51) دا وەفایی دەڵێت :

لەو ڕۆژە کە دوور بۆتەوە سایەت لەسەری من
سووتاوە لە تاوت هەموو جان و جگەری من
جەرگم هەموو لەتلەت بوو بە سێلاوی سروشکم
چ بکەم کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من

لەو شیعرەدا باسی دوورکەوتنەوەی یارەکەی دەکات ، شیعرەکە شیعرێکی هەستی ، عیشقێکی پاك و رووحییە ، جا لە لایەنی ئێرۆتیك و سێکس ، کە لە فۆڕمێکی دڵدارییانە نووسراوەلە سەرەتادا وا دەزانرێ ؛ بۆ کچێك نووسراوە ، بەڵام لە کۆتاییدا دەزانرێت ، کە بۆ شێخەکەی نووسیویەتی : لەو ڕۆژەوە سێبەری تۆ لەسەری من کەم بۆتەوە لێم ناپرسی ، جا چ بە تووڕەبوون بووبێ یان بەسەفەر و دوورکەوتنەوە بوو بێ ، سایەی یاری بەسەرەوە نەمایە ، لە تاوان هەموو گیان و جگەرم سووتایە ، لەبەر لافاوی فرمێسکم ، جەرگم لەت بووە و عیلاجم چییە ؟! لەعل و گەوهەر و ئەو بەردە بەنرخەی من کە مەبەست دڵی من کەوتۆتە دەریا . واتا : کەوتۆتە دەریا و من نایدۆزمەوە و ڕۆیشتووە و لەو لاوەش جەرگم لەت بووە و نازانم چی بکەم ؟!

لێرەدا ڕۆمانسییەت و عیشق و سووتان و دابڕانیش هەستی پێدەکرێت

زولفت سەبەبی جەزبی دڵم بوو ، بەبرۆی تۆ
کافر بووە بۆ قیبلەیی من ڕاهبەری من
خۆش بەو دەمە ساقی لە دەری مەیکەدە فەرمووی :
ئەو جامە لەمن بگرە (وەفایی) بەسەری من

دڵم جەزبی برۆکانت بوو ، بەڵام زولفت بووە باعیس یان بەواتایەکی تر من موعجیبی برۆکانت بووم بەس جوانی زولفت جوانی برۆتی لەبیر بردمەوە ، تەمەشاکە زولفە ڕەشەکانت ، وەکو کافر بووە بە ڕابەر و ڕێنمونیکەری من بۆ سەر قیبلەی موسوڵمانان ، کە وەك برۆی تۆ وایە مەبەستی ئەوەیە زوڵفەکانت بەرەو برۆکانتم ئاراستە دەکەن ، بۆچی کافر چونکە منی لە برۆکانت کرد ، بۆیە دەکرێ بڵێین : ئەی کافر چۆن دەبێتە ڕێنیشاندەری موسوڵمانان ، نەخێر کافر بانگەشە بۆ خۆی دەکات ، زولفەکانیشت جوانی خۆیم نیشاندەدەن ، یان دەکرێ بگوترێت مەبەست لە وشەی کافر ڕەشی زولفەکان بێت . شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە یاری بەوشەکان کردووە و واتای دووەم و سێیەمی لێوە دروست کردوون .

خۆزگەبەو ڕۆژەی ساقی لە دەرکەی مەیخانە فەرمووی تۆ مەرگی من ئەو جامەش لە دەستی من وەرگرە و بیخۆوە ، واتا : لێرەدا وەفایی یادی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە کە شێخەکەی جامێك لە مەی دایێ و تاوەکو پێی بێهۆش بێ بە دیداری و یارەکەی بگات .

2 ـ شیعری دڵداری هەستی (عوزری)

لەم جۆرەی شیعردا دڵداریەکی ڕوحی و سۆفیانە هەست پێ دەکرێت ، تەنانەت کەسی عاشق بە چاوی یاری حەقیقی تەمەشای دونیا و دەوروبەری دەکات ، عیشقە مەجازییەکەی دەکاتە هۆکار و پەیژەیەك بۆ چوون بەرەو عیشقە حەقیقیەکەی ، بۆیە (لە دیدی عاریفانەوە جیهانی هەستپێکراو محسوس سایە و سێبەری جیهانی نادیارە وەك بڵێی : ئەوەی لە جیهاندا هەیە هەمووی سێبەری حەقیقەتە و بە شێوەیەکی گشتی جوانی و عیشقی ئەم جیهانە خۆی سێبەری جوانی و عیشقی ئەزەلییە ، بۆیە عیشقی مەجازی خۆی بەدوای عیشقی حەقیقیەوەیە وە ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە عیشقی حەقیقی و ڕاستەقینە ، عیشقی مەجازی تێپەڕینە لە عالەمی ناسوت ماددە ە وە بۆ عالەمی لاهوت ڕۆح ) (ئەدهەم 2017، 50) ئینجا کەسی عاشق پاش ئەوەی زانی جوانییەکی باڵاتر هەیە و چێژە رووحییەکان لە چێژە جەستەییەکان باڵاترن ، بەرەو ئەو ئاڕاستەیە هەنگاودەنێت ( لێرەدا عیشق چ زەمینی بێت چ ئاسمانی ، ناسکی و تێربوون لە جیاتی برسیەتی ، لە جێگەی دڵەڕاوکێ و دوودڵی ئارامی دەهێنێت خۆش گوفتار و جوان کردار لە جیاتی خراپ گوفتار و ناشیرین کردار بەرهەم دەهێنێت و ئەم بەخششانە بە مرۆڤ دەبەخشێت . (ئەدهەم 2017، 53) ئەم جۆرەی شیعر لای وەفایی دەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە :

أ ـ شیعری دڵداری کچ وشێخ

تام و بۆی عیشقێکی هەستی پاك لەم جۆرەی شیعر دەبینرێت ، کاتێك لەبەردەم دەقێکی شیعری لەم جۆرەدا دەوەستین دەکرێ دوو جۆر لە یار لەناو دەقەکەدا ببینین : ئەویش یەکێکیان شێخەکەی وەفاییە و ئەویتریشیان دولبەرێکی کچە زۆرجاریش وایە ئەم دووانە دەبن بەیەك و لە ناو یەك دەقدا ئاوێتەی یەکتری دەبن .لە غەزەلی (40) دەڵێت (وەفایی و ئاسۆ 1395، 124)

تا بادی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم

سەد جێ وەکو بولبول لە جگەر داغی خەزانم

لەو ڕۆژەوە بای پایز گەڵای باخە تریکەی منی گەستووە وەکو بولبول داغ بووم و لە جگەرمدا داغی پایز لە سەد جێ دیارە ، واتا : یارەکەی پیربووە و ئەو جوانییە نەماوە ، یان بەواتایەکی تر جوانییەکەی نەماوە و زەردهەڵگەڕاوە ، جا زەرد هەڵگەڕانیش نیشانەی نەخۆشی و خەم و پەژارەیە ، منیش وەکو بولبول هەر هاوار دەکەم و دەناڵێنم ، نازانرێ یار کێیە لەگەڵ کێیتی شاعیر ؟!

تۆ چونکە لە لەیلا گەلێ شیرینتری بۆیە

مەجنوونی دەر و دەشتم و فەرهادی زەمانم

بە یارەکەی دەڵێت ، تۆ لە لەیلا گەلێ جوانتر و شیرنتری ، بۆیە من بوویمە ئەو مەجنوونەی دەچووە دەشت و دەر و فەرهادی ئەو زەمانەی . لێرەدا دەشێ بڵێین : یار شێخە یان لەگەڵ کچێکیتی ، چونکە هەردووکیان هەر ڕاستە ، بەحومکی ئەوەی ؛ لە چوارچێوەی ستایش و وەسفی کچێك وەسفی خۆشەویستەکەی دەکات ، جیاوازییەك نابینرێ لە نێوانیان پاشان دەڵێت :

جەزبەی نیگەهت خۆشی نەهێشتم ـ بە برۆی تۆ ـ

قیبلەم چووە تا مەستی مەیی پیری موغانم

فەرمووی : کە لەگەڵ هاتم ئەتۆ ڕۆح بدە ، چاوم

سا ساقی ، دەجا جامێ کە هەروا نیگەرانم

بەڵام بە پێی ئەم دێرەی سەرەوە بێت دیارە لێرەدا دەبێت لەگەڵ شێخەکەی بێت ، کە " شێخ عوبەیدوڵلایە " سوێند بە برۆی تۆ جیلوەی تەمەشاکردنت خۆشی نەهێشتووم لەو ڕۆژەوە مەستی مەیی پیری موغانی نیگای چاوەکانی تۆ بووم مەیلی کەعبەی برۆکانتم نەماوە . من بەس بە تەماشایەکی نیگاکانی من خۆشیم نەماو هەموو شتێکی جوان و خۆشم لەبەر چاو کەوت ، ئەی ئەگەر زیاتر لێت نزیك بمەوە دەبێ چی ڕوویدات .

لێرەدا سەرەتای ناسین و خۆشەویستی شێخ لە دڵی وەفاییدا دەبینرێ ، بۆیە لەم شیعرە تێکەڵ و ئاوێتەیە هەردوو یارەکەی وەفایی دەکەونە ململانێ و کێبڕکێ لەکۆتاییدا دەبێ یەکێکیان بۆ ئەوی دیکەیان چۆڵی بکات و وەفایش خۆی بۆ دولبەرێك یەکلابکاتەوە !؟

چاوت بە نیگەهـ کردن و زارت بە تەبەسسوم

هاتن بەتەمای غارەتی عەقڵ و دڵ و جانم

چاوت بەتەماشاکردن و زارت بەخەندە و پێکەنین هاتن بەتەمای ئەوەن عەقڵ و دڵ و جانم تاڵان بکەن . واتا : بە نیگات و خەندەی لێوت ، منتان تاڵان کرد ، لێرەدا دەپرسین چییان دەوێ ؟ ئەو سێ شتەی کە ژیانی مرۆڤی پێوە بەندە : (عەقڵ ، دڵ ، جان ) وەفایی لێرەدا زۆر جوان مامەڵە لەگەڵ ئەم سیانەدا دەکات ، کە مرۆڤ خۆی بەشە مەعنەوییەکەی بریتییە ؛ لە عەقڵ و بەشە مادییەکەشی بریتییە ؛ لە دڵ ، کە شوێنی خۆشەویستییە ، خودی ڕوح و گیانیش هەردووکیان بەڕێوە دەبات ، وەفایی هەموویان دەکاتە قوربانی یارەکەی ، هەرچیی هەیە لەو پێناوەدا دادەنێت .

کێو هاتە ناڵە و بەهاواری وەفایی

جارێکی لەتۆ کاری نەکرد ئاهـ و فوغانم

بە ئاهـ و ناڵەی وەفایی کێو کەوتە ناڵە و کەچی ئاە و زاری من جارێك لە تۆ کاری نەکرد ، وادیارە یارەکەی وەفایی دڵی زۆر ڕەقە و بە هانای داد و فوغانی وەفایی نەهاتووە و ئەمە جۆرە گلەیی و گوزارشتانە بەرامبەر بە کچێك دەگوترێت وەك ئەوەی بۆ شێخەکەی بگوترێت ، واتا : لێرەدا دووبارە گوزارشتەکان لێك جیا دەبنەوە !

ب ـ شیعری دڵداری شێخ و پێغەمبەر

هەردووکیان لەناو تەوەری خۆشەویستی شیعرەکانی وەفاین ، جا جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەمە ، تەنانەت لەناو یەك تێکستیشدا ئاوێتەی یەکتری بوون ، جا هەندێ لە شیعرەکانی بە شێوازێك نووسراون دەچنە قاڵبی دڵداری و بە تەنزێکی ڕۆمانسیانە نووسراون ، چونکە شێخ وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە عیشقی حەقیقی و تۆشکردنی خۆشەویستی خوایی و پێغەمبەر ... بۆ نمونە لە غەزەلی ژمارە (101 ) دەڵێت : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 293)

سەحەر مەستانە ڕابوردم بە بەر دەرکی کلیسایێ

کەچی دەستی دڵی گرتم خەرامان بەچچە تەرسایێ

ئێرەم بوو عەنبەری زولفی ، ئەسیری چەنبەری زولفی

کەراماتی سەری زولفی بەهەر تایێ مەسیحایێ

کاتێك بەبەردەرکی کڵێسایەکی مەسیحیدا ڕەتبووم کەچی منداڵێکی مەسیحی دڵێ بردم و عاشقی بووم ، بۆنی زوڵفی لە باغی بەهەشت دەچوو زوڵفی کەڕاماتی هەبوو هەر تاڵێکی بۆ شیفای مردووان مەسیحایەك بوو .

وەرە بڕوانە مەیخانە ، چ مەعمورە چ وێرانە !

لە هەر لایێ دڵ ئارایێ ، لە هەر گۆشێکی شەیدایێ

بە مەجنوونی شەیدا دەڵێت وەرە تەماشای مەیخانە بکە چ ئاوەدانەکان و چ وێرانەکان لەهەر لایەك مەعشوق و لەیلایەکی لێ ڕاوەستاوە . دەکرێ مەبەست لە لەیلا پێغەمبەر بێت یان حەزرەتی حەق بێت .

لە جێگایێ تەجەللا دەم دەم بێ (لن ترانی) بێ

بە قوربانی دڵی عاشق هەزار وەك تووری سینایێ

ئەگەر لە جێگایەك دیداری تەجەللای نووری حەق بە بێ وشەی لن ترانی بێ قەت نامبینی دەستکەوێ هەزار تووری سینا بە قوربانی دڵی عاشق بێ ، لێرەدا بۆ حەزرەتی حەق گوتراوە

سروشکم هاتە خوارێ ، دوور لە چاو و گەردنی ساقی

بەسەر حەوز و فوارەی عاشقان ئاخ جام و مینایێ

دوور لە چاوو و گەردنی یار فرمێسکم هاتە خوار ، ئاخ لەسەر ئەو حەوز و فوارەی ئاشقان پیاڵەیێ شەرابم هەبوایە ، لێرەدا مەبەست پێغەمبەر یان شێخە

بە شەوقی ئاتەشی رووی تۆ ، بە بادەی جادووی تۆ

سەراپا بوومە کۆی ئاور ، ئەمان ساقی سەراپایێ

بە ساقی دەڵێ : کە دەکرێ شێخ یان حەزرەت یان خۆشەویست بێت هەستە سەرپێ و دەورێ دیکە تێکە بە شەوقی ئاگری ڕووخساری تۆ و بەبادەی چاوی جادووگەرانت سەراپا بوومەتە ئاگر .

ئەمان شۆخی خەراباتی ! کە بۆ دین و دڵ ئافاتی
بفەرموو بۆ چ کە تۆ هاتی لەمن دەنگ و سەدا نایێ
وەفایی ماوە دەست بەردان ، لە دەوری نوقتە سەرگەردان
ئەمان یا قوتبی ڕەببانی ، مەدەد یا شای بوخارایێ .

ئەرێ شۆخی مەیخانە کە هۆی ئافەتی دین و دڵی من بۆچی کە تۆ هاتی من ناتوانم هیچ بڵێم وەفایی دەست بەرداو و ماوە و سەرگەردانی دائیرەیە ئەی شاهی بوخارا مەبەشت شێخ عوبەیدوڵلایە یان عوبەیدوڵڵای کاشغرییە کۆمەکم بکە .

ج ـ شیعری دڵداری کچ و پێغەمبەر

ئەم بەشە باس لەو شیعرانە دەکات ، کە بۆ عیشقی کچێك یان پێغەمبەردا نووسراون واتا شیعر و عیشقەکە لە نێوان دولبەری کچ و پێغەمبەر دایە واتا : نازانرێت یار پێغەمبەرە یان کچ ؟! هەروەکو لە غەزەلی ژمارە ( 10 ) دەڵێ :

ما رأیت اللیل من لحظة صار الغدا
في الذوایب وجهك أم في الدجى شمس بدا ؟
قەت نەهاتە دەست و جارێ نەبووە ئارامی دڵم
تاقیامەت داغی زولفانت لە جەرگی ئێمەدا
بمکوژی ، سەد جار دەرم کەی ، رووی من و خاکی دەرت
کیف یحرم سائل من بابك حاز الندی؟

ئێمە پێیان وایە؛ ئەم شیعرە بۆ وەسف پێغەمبەر (د.خ) دانراوە ، بەوەی کە ڕووخسارەکەی ڕۆژەو دەدرەوشێتەوە وەشاعیر لێی تێکچووە نازانی نە ڕووخساری یارەکەیتی تاریکی ڕوناك کردۆتەوە ، یان ڕووخساری ڕۆژی یارەکەیتی کە تاریکایی داپۆشیوە ، دەڵێ : ئەگەر سەد جار بشمکوژی و دەرم بکەی من هەر ڕووم لە خاکی دەرکەی تۆیە کە، خۆی بە سواڵکەرێك دەچوێنێ ، کە ئەگەر بزانێ بەخششی دەست دەکەوێ ، چۆن نائومێد دەبێ و دەڕوا ، بۆیە منیش نائومێد نابم ! واتا : لێرەدا دەردەکەوێت ، کە شاعیر ئەمەلێکی هەیە یار خۆی پێ نیشان بدات .

دین و دڵ سەبرو قەرارم چۆتە ڕێگای یەك نەزەر
تۆ بڵێی ئەو شۆخە واسەرمەستە قەت بێتە ڕەدا
بۆ چ برۆم لێ تێکدەنێی رووت وەردەگێڕی چاوەکەم ؟
کابە کەچ بوو ؟ قیبلە گۆڕا ؟ ماچێکی لەو لێوە دا

پاشان شیعرەکە لەدێری 9 هوە وەردەگەڕێ ؛ بۆ وەسفی کچێك و چونکە باس لەوەدەکات دین و دڵی لە پێناوی یەك قەولی یار داناوە هێشتا دوودڵیشە دەڵێ :تۆ بڵێ ی یار بەو قیمەتی دین و دڵە ڕازیبێ و قەولی بداتێ ، دیارە وەفایی ماچی یارەکەی کردووە و گل هیش لێ دەکات بۆچی لەسەر یەك ماچ لێی تووڕەبووە ماچێکی لە لێوی کردوو خۆ کاعبە نەڕووخا .

لە غەزەلی 36

نیگارا ! دڵبەرا ! نامیهرەبان ! یاری جەفاکارم
بە زاری کوشتمت ! تاکەی دەفەرمووی من وەفادارم ؟
دەڵێ : مورغی شەباهەنگە لە دەوری سوبحی دیدارت
لە حەلقەی زولفی تۆ دێ دەم بەدەم نالەی دڵی زارم
بە دەردێ موبتەلابووم جاهیل و دانا کە حەیرانن
مەگەر چاوی نەخۆشی تۆم نە مەخموورم نە هۆشیارم

وشەی نیگار لە ئەدەبیاتدا بۆ کچیش هاتووە و بۆ پێغەمبەریش هاتووە ، گلەیی لە یارەکەی دەکات کە ئەوی کوشتووە بەدەردێ گیرۆدەبووە کە زانا و دانا چارەسەریان پێناکرێت ، دیارە ئەم دەردەش نەخۆشی عیشقە و وەکو چاوەکانی یارەکەی هەم نەخۆشم و هەم مەستم و هەم هۆشیاریشم .

گەهێ سووتاوی ئەبرووتم ، گەهێ پابەندی گیسووتم
لە لایەك روو لە میحرابم ، لە لایەك ڕوو بە زونارم
نیشانەی قاتیلی نامیهرەبانم زاهیرە یەعنی :
فەرەنگی خەت و زەنگی زولف و هیندوو خاڵە دڵدارم

لێرەدا وەسفەکە نازانرێت یارەکەی کێیە ، بەڵام ، کە دەڵێ : ڕووخساری فەرەنگییە واتا : سوورو سپییە زولفی قەلەرەشەیە ، خاڵەکەشی ڕەشە پێدەچێت مەبەستی پێغەمبەر بوویێت ، بەڵام دیسانەوە وەکو کچێك وەسفەکەی دەکات و وەسیەت دەکات لەبەر بەژنی یارەکەی تابوتەکەی لە عەرعەر دروست بکەن ۃ تاوەکو خەڵك بزانێت

3 ـ شیعری دڵداری حەقیقی

ئەم جۆرەی شیعر پەیوەستە بە شیعری دڵداری ، کە باس لە خوودی خاڵق دەکات ، بەڵام بەشێوەیەکی ئاینی و سۆفیانە نا ، بەڵکو بە شێوەیەکی دڵدارییانە عاشق لێرەدا کەسێکە عاشقی خودا دەبێت (( یاخود عاشقی ڕەمز و شتێکی پیرۆز دەبێت کە دەلالەت لە خوا دەکات ئاشکرایە کە مەبەستی ئەفلاتوون عیشقێکی پاك و بێگەردە ، کە هۆکارێکە بۆ پاك بوونەوەی ڕۆح ، بەو مەرجەی لەدەرەوەی چێژە جەستەییەکانەوە بێت .)) (حسین بلا تاریخ، 202) لەم لەم وەفیی جۆرەی عیشقدا پاش ئەوەی کۆمەڵێك ئەزموونی عیشق دەبڕێت لە دواجاردا بەرەو عیشقی حەقیقی هەنگاودەنێت و زۆربەی شیعرەکانی بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکات و هەموو شتێکی لێ دەبێت بە یار واتا : ((کاتێك عەشق بەکەماڵی خۆی گەیشت هێزەکانی عاشق تێکدەشکێنێ و هەستەکانی لەکاردەخات و نەفسی بۆ خواردن دەمرێنێ جگە لە قسەکردن لەسەر یار بەهەموو شتێکی دی مەلوول دەبێ )) (سیوەیلی 2004، 31) هەروەك لە غەزەلی ژمارە (2) (وەفایی و ئاسۆ 1395، 24)

سەری کوڵمت لە نێو زولفی سیادا ئیشارێکە لە نووری شەوچرادا
سجوودی بردە ئەبرۆت ڕۆژ لەسەر روو شەوی دوێنێ کە تۆ زولفت وەلادا
ئەمن چاوم لە ڕۆژ وا پڕ لە خوێن بوو کە ئاوێنەی جەمالی خۆی جەلادا

لێرەدا بە شێوەی دڵدارییەکی روحی و پاك و حەقیقی دەبینرێ : باسی یارێکی حەقیقی دەکات ، کە زاتی حەزرەتی حەقە ، بەڵام لە شێوەی وەسفی کچێك ، باسی کوڵم و زوڵف و جوانی ئەو دەکات دەڵێ : ڕۆژ سوجدەی بردە بەر تاقی ئەبرۆت کە ئاوێنەی و ڕووناکی ڕووخساری خۆی بەدیار یەخست چاوم لە ڕووناکی ئەو ڕۆژە ڕووناك و جوانە پڕلە خوێن بوو

لەبەر تاقی برۆت بمرم چ نابێ کە من شابم لە بن باڵی هومادا
موورادی ڕۆحمە بۆیە وەفایی ! بە دڵ ماچێ لە غونچەی لێوی نادا

ئەگەر من لە تاقی برۆکانت دا بمرم وەك ئەوە وایە :شابم لە ژێر باڵی هوما دابم واتا : ئەگەر لە دونیادا لە تۆ نزیك بمەوە ئەوە لە ئاواتەکەم نزیك دەبمەوە وەك ئەو کەسەی سێبەری هومای لەسەر سەریەوە بێ و ببێتە پاشا ، منیش دەگەم بەیار و ماچێکی لێدەکەم ، ماچ لێرە کینایەیە لە بەککەیشتن بە یار .ـ لە کۆتایی بە تەواوەتی دەزانرێ : کە ئەمە باس لە عیشقی حەقیقی دەکات ، یار ماچێکم لە لێوی خۆی ناداتێ هەرچەندە من دڵی خۆم دایتێ ، چونکە ئەو موراد و حەزی ئەوەیە ڕۆحی خۆی بدەمێ ئەمەش دەلالەتێکی ترە کە عیشقەکەی دوای مردن پێی دەگات

ئەنجام

ئەو ئەنجامەی لە ئەنجامی هەوڵەکەمان پێی گەیشتووین ئەمانەی خوارەوەن :

ـ وەفایی شیعری دڵداری حەزلێکردنی هەیە دواتریش کەوتۆتە داوی خۆشەیستی و بە شێوەیەکی واقیعی پراکتیکی ئەمەی کردووە ، بەرەو شیعری ئیرۆتیکیش هەنگاوی ناوە .

ـ شیعری دڵداری مەجاز ڕەهەندێکی تری شیعرەکانی وەفایی پێکدەهێنن .

ـ بەرەو شیعری خۆشەویستی خوایی هەنگاوی ناوە ، بەڵام شیعرە دڵدارییە خواییەکانیشی لە ژێر کاریگەری شیعرە دڵدارییە جەستەیی و مەجازییەکانی دایە .

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێب


1ـ ئەحمەدی بابەك. هەقیقەت و جوانی وانەکانی فەلسەفەی هونەی. چاپی یەکەم. ترجمة مەسعود بابایی. دهۆك: چاپخانەی خانی ، 2008.

2ـ ئەدهەم موسعەب . عیشقنامە. چاپی یەکەم . خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، 2017.

3ـ ئەمین عبدالقادر محەمەد. وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردی دا. سلێمانی : دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2002.

4ـ پیربال فەرهاد. ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم . هەولێر : کتێبخانەی بەڕێوەبەراتی گشتی و ڕۆشنبیری ، 2004.

5ـ حوسێن هێمداد. دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، 2007.

6ـ حوسێن هێمداد. ڕێبازە ئەدەبیەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007.

7ـ خەزنەدار مارف. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی چوارەم . چاپخانەی ئاراس ، 2004.

8 ـ خورشید قانع ، عیشق لەنێوان عەقڵ و ئایندا ، چاپی یەکەم ، هەولێر ،چاپخانەی منارە ،2005.

9ـ خەلیل زانا. ئیرۆتیك لە شیعری نالی دا. چاپخانەی ئاراس ، 2012. بلا تاریخ.

الدکتور عبدالحلیم محمود، و عبدالباقی طه سرور. اللمع لأبی نصر السراج الطوسی. دارالکتب الحدیثه بصره، 1960.

بابەك ئەحمەدی. هەقیقەت و جوانی وانەکانی فەلسەفەی هونەی. چاپی یەکەم. ترجمة مەسعود بابایی. دهۆك: چاپخانەی خانی ، 2008.

بایەزیدی بەستامیی، و عەلی نانەوازادە . سوڵتانی عارفان . دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریان ، 2011.

پ . د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، و محەمەد ڕەشید م.ی ئەحمەد میرە . "گۆڕینی وێنەی مەعشوق لە نیشتمانەوە بۆ ژن لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە ـ ی شێرکۆ بێکەس ) دا." گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە ، بلا تاریخ: 76.

پ . ی. د. سامان عیزەدین سەعدوون. "دەق کراوە ، بنەما و پراکتیك دەق (زێوان)ی سەباح ڕەنجدەر بەنموونە ." گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، 2020: 65.

پ.ی.د. لەتیف محەمەد حەسەن. "ڕەهەندەکانی جوانی کچ لە هۆنراوەی بۆ کچێکی بێگانەی گۆراندا." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، رقم ژمارە 17 (2006): 155.

پ.ی.د. هێمداد حوسێن. دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، 2007.

پشکۆ نەجمەدین. مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی. چاپی دووەم . چاپخانەی تاران، 2020.

تەحسین حەمە غەریب. "عیشق و دین و ئومێد." گۆڤاری هەژان، رقم 13 (بلا تاریخ): 25.

جەعفەر قارەمانی، و شێخ ئەحمەدی سەید ئەسعەد . "جوانیناسی و شیعری هێمن." پژوهشنامه ادبیات کردی ، رقم پاییز و زمستان شماره 4 (1396): 167.

حمید احمد عبدالفتاح. تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا. المجلد چاپی یەکەم . 2015.

د . هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین. "غەزەل لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا ." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، رقم 34 (2012): 141.

د. حەمید عەزیز. فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکی. هەولێر: چاپخانەی موکریان، 2010.

د. دەریا جەمال حەوێزی، و صلیوە د. هاوژین عیسا. "ئیرۆتیك لە شیعری ( حە مام)ی شێرکۆ بێکەسدا." گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، 2015: 109.

د. ڕێبوار محەمەد ئیسماعیل. "ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ڕۆمانسیزم لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی 1920 ـ 1975." گۆڤاری ئەکادیمیا، 2020: 187.

د. عیهان عەبدول بەرزنجی. "خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری ـ مەدهۆش ." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، رقم 33 (کانونی دووەم 2012): 141.

د. عثمان عبدول بەرزنجی. "جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، کانوونی دووەم 2010: 150.

د. عثمان عەبدول بەرزنجی. "ڕۆمانسیەت و ڕەنگدانەوەی لە شیعری گوڵی سوور ـ ی دڵداردا." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، رقم ژمارە 30 (تشرینی یەکەم 2010): 59.

د. عەدنان ئۆکتار. خۆشەویستی و خۆشەویستی خودا . چاپی یەکەم . ترجمة ریبین طاهر. نارین ، 2014.

د. عەلی شەریعەتی. عاریفانەییەکان . چاپخانەی هێڤی . ترجمة باخەوان. بلا تاریخ.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. هەولێر ، 2009.

د. فەرهاد پیرباڵ. ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم . هەولێر : کتێبخانەی بەڕێوەبەراتی گشتی و ڕۆشنبیری ، 2004.

د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان. "کراوەتە کتێب بەناوی صابری لەدوو توێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا ." ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری لە ڕۆژانی 8و 9 /11/ 2009 لەشاری کەرکوك. چاپخانەی کوردستان ، 2009.

دیوانی وەفایی، و سەعید نەجاری موحەممەد ئاسۆ . دیوانی وەفایی ، موحەممەد عەلی قەرەداغی. چاپی سێیەم . سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان ، 1395.

ڕێبوار سیوەیلی. لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی. چاپی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2004.

زانا خەلیل. ئیرۆتیك لە شیعری نالی دا. چاپخانەی ئاراس ، 2012.

سمکۆ محەمەد. دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست. ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین، 2021.

شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی. تەصەوف چییە. چاپی سێیەم . هەولێر ، 2015.

عبدالقادر محەمەد ئەمین. وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردی دا. سلێمانی : دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، 2002.

عیمان عەبدول بەرزنجی. "خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری ـ مەدهۆش." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، رقم 33 (کانونی دووەم 2012): 141.

عەبدولڕەحمان بێلاف بەرزنجی. شێخی سەنعان (لە دەقەوە بۆ تەسەوف ). هەولێر: ناوەندی فێربوون، 2019.

عەبدوڵلا قەرەداغی. دەیری عیشق .... کاتێك ناخی مرۆڤ دەدوێ. چاپی یەکەم . 2012.

—. "صابری لە نێوان میتۆدەکانی هەڵبژاردنی ناوێکدا." ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری لە ڕۆژانی 8و 9 /11/ 2009 لەشاری کەرکوك. چاپخانەی کوردستان ، 2009.

فرید حمید عبدالقادر. "سۆفیگەری مەولەوی." زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان ، 2018.

قانع خورشید. عیشق لەنێوان عەقڵ و ئایندا . هەولێر : چاپخانەی منارە ، 2005.

م . ی . ناهیدە حسین. "ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا." گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، رقم 46 (بلا تاریخ).

م . ی. ڕەنجدەر ازاد عزیز، و باوەددین م.ی. شاخەوان کریم. "جوانی ئافرەت لەنێوان گۆران و هەردیدا لە هەردوو دەقە شیعری لەدرزی پچەوە و چاوەڕوانی بێ هوودە." گۆڤاری تویژەر، رقم ژمارە 2 (بەهار 2019): 73.

مارف خەزنەدار. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی چوارەم . چاپخانەی ئاراس ، 2004.

محەمەد تەها حوسێن. سایکۆلۆژیای خۆشەویستی (بەراوردکاریەك لەنێوان هەڵچوون و عەقڵانییەتدا ). چاپی یەکەم . ناوەندی فێربوون، 2019.

موسعەب ئەدهەم. عیشقنامە. چاپی یەکەم . خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، 2017.

هەژار. هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی ـ فارسی. چاپ اول. المجلد یك جلدی. تهران: سروش، 1369.

هێرۆ حسام الدین محی الدین. "ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا (کرمانجی خواروو 2000ـ 2013)." 2017.

—. "ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا کرمانجی خواروو 2000 ـ 2013 ) ؟>طگ." بلا تاریخ.

—. "ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا کرمانجی خواروو 2000 ـ 2013 ) ؟>طگ." بلا تاریخ.

هیمداد حوسێن. ڕێبازە ئەدەبیەکان. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007.

وەفایی عوسمان دەشتی. دیوانی وەفایی. بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، 2011.

ئەمجەد شاکەلی. خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی. تاران : هاوسانی، 2019.

ئیبراهیم ئەحمەد شوان. سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا. چاپی دووەم . هەولێر: چاپخانەی هێڤی، 2014.

—. فەرهەنگی زاراوەی سۆفیانە . هەولێر : چاپخانەی حاجی هاشم ، 2010.

ئیمام عبدالکریم قوشەیری. ریسالەی قوشەیری. چاپی یەکەم. ترجمة عبدالکریم فتاح. 2016.

ییبی. "ۆۆۆۆ." ۆۆۆۆ (ءء)، ءءءء: ءءء.

11ـ دەشتی وەفایی عوسمان. دیوانی وەفایی. بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، 2011.

12ـ سیوەیلی ڕێبوار. لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی. چاپی یەکەم . چاپخانەی وە زارەتی پەروەردە، 2004.

13ـ شەریعەتی عەلی. عاریفانەییەکان . چاپخانەی هێڤی . ترجمة باخەوان. بلا تاریخ.

14ـ شوان ئیبراهیم ئەحمەد. "کراوەتە کتێب بەناوی صابری لەدوو توێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا ." ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری لە ڕۆژانی 8و 9 /11/ 2009 لە شاری کەرکوك. چاپخانەی کوردستان ، 2009.

ـ محەمەد سمکۆ. دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست. ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین، 2021.

نامەی ئەکادیمی

1 ـ محی الدین هێرۆ حسام الدین. "ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا (کرمانجی خواروو 2000ـ 2013)." 2017.

گۆڤاری زانستی

1ـ ئیسماعیل ڕێبوار محەمەد. "ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ڕۆمانسیزم لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی 1920 ـ 1975." گۆڤاری ئەکادیمیا، 2020: 187.

2ـ بەرزنجی عثمان عبدول. "جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، کانوونی دووەم 2010: 150.

3 ـ بەرزنجی عثمان عەبدول. "خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری ـ مەدهۆش ."گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، رقم 33 (کانونی دووەم 2012): 141.

4ـ حەسەن لەتیف محەمەد. "ڕەهەندەکانی جوانی کچ لە هۆنراوەی بۆ کچیکی بێگانەی گۆراندا." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، رقم ژمارە 17 (2006): 155.

5. حەوێزی د. دەریا جەمال ، و صلیوە د. هاوژین عیسا. "ئیرۆتیك لە شیعری ( حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا." گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، 2015: 109.

6ـ حسەین هەڤاڵ ئەبوبەکر. "غەزەل لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا ." گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، رقم (2012): 141.

7ـ حسین ناهیده. ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا. گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، رقم 46 (بلا تاریخ).
8 ـ عزیز ڕەنجدەر ازاد ، و باوەددین م.ی. شاخەوان کریم. "جوانی ئافرەت لەنێوان گۆران و هەردیدا لە هەردوو دەقە شیعری لەدرزی پچەوە و چاوەڕوانی بێ هوودە." گۆڤاری توێژەر، رقم ژمارە 2 (بەهار 2019): 73.
9ـ قارەمانی جەعفەر ، و شێخ ئەحمەدی سەید ئەسعەد . "جوانیناسی و شیعری هێمن." پژوهشنامه ادبیات کردی ، رقم پاییز و زمستان شماره 4 (1396): 167. ـ تەحسین حەمە غەریب. "عیشق و دین و ئومێد." گۆڤاری هەژان، رقم 13 (بلا تاریخ): 25.
10ـ محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، و محەمەد ڕەشید م.ی ئەحمەد میرە . "گۆڕینی وێنە ی مەعشوق لەنیشتمانەوە بۆ ژن لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە ـ ی شێرکۆ بێکە س ) دا."گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە ، بلا تاریخ: 76.
فەرهەنگ
1ـ هەژار. هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی ـ فارسی. چاپ اول. المجلد یك جلدی. تهران: سروش، 1369.